# هه ڵپاچینی دەستووروو ئاکامی چاوەڕوانی کورد..!

## توانا

خوا هه ڵناگرێت،وەفدی کوردی له بەغدا،توانیان دوای بگره و بەردەیەکی زۆر،بگەن به ڕشنووسی دەستوورێکی وا که بتوانن له گەڕانەوەیاندا بڵێن ڕێژەی کەمی خواستەکانی گەلی کوردی لەخۆ گرتووه، تەنهائەو بڕگەیه جێی نەبووەوه تێییدا که گوزارشتی له خواستی 98% خەڵکی کوردستان دەکرد.
بەڵێ ئەوەی گەلی کورد به حەسرەت و چاوی پڕفرمێسکەوه دەنگیان بۆ دا، بۆ مافی چارەی خۆنووسین له ڕیفراندۆمه شکۆ دارەکەی سەرەتای ئەمساڵدا.
بەڵام سەرەڕای ئەوه ش، پاڵەپەستۆی جەماوەر دابەزی یەوە، کاتێک سەرکردەکانمان زۆر ژیرانه باسیان لەوه دەکرد که دیباجەی دەستوورەکه ئاماژه بۆ یەکێتی ئارەزومەندانەی عێراق دەکات و زامنی ئەو یەکێتی یه بەنده به پەیرەو کردنی ئەو دەستووره.
زۆری پێ نەچوو، له بەر خاتری " عمرو موسی" ئەم بڕگەیه ی بۆ زیاد کرا" عێراق له چەند نه تەوەو بنەچەیەک پێک دێت ،و ئەندامێکی دامەزرێنەرو چالاکەله جامیعەی عەرەبی و پابەنده به " میثاق" ی جامیعەکه".
لێرەدا پرسیارێک دێته گۆڕی :
پابەندی عێراق به" میثاق" ی جامیعەی عەرەبی یانی چـــــــــــــــــــــی.....؟؟
ئاشکرایه جامیعەی عەرەبی، نه تورک و نه فارس و نه هیندی له خۆ نەگرتووه، ئایا ئەم گۆڕانکاری یه ئەوه نا گه یێنیت که عێراق وولاتێکی عەرەبی یه؟ یان " شەل نی یه پای شکاوه" ؟
سەرئەنجام، بەم شێوه یه دڵی ڕەگەز پەرستانی عەرەب ئاوی خواردەوه ، و ئەوەی ئێمەش پێیی دڵخۆش بووین گوایه" له یاسای کاتی به ڕێوه بردنی دەوڵەت ، باس لەوه دەکات تەنها به شه عەرەبی یەکەی عێراق بەشێکه له نیشمانی عەرەب" له گۆڕ نراو و ئێمەی کوردیش " چوینه ئەو بانه وهیچمان پێ نه براو کەوشەکەمان دڕا".
زۆری پێ نەچوو،هه ر بەوه ڕانه وەستا ن" به چێڵ بڵێن بەرخ"، بەڵکو ئەم جاره ئەگەری زیادکردنی بڕگەیەک هاته گۆڕێ ، ئەویش" عێراق یەکه یەکه و جیا نا کرێتەوه" واته
" پارچه نەکردنی عێراق" ، به م شێوه یه ئەوەی دیباجەکەش فت، واته به زیاد کردنی ئەو بڕگەیه ئەو بیانوەشمان نامێنێت" ئەگەر دەستوور پەیرەو نەکرێت ،ئەوا یەکێتی ئارەزوومەندانەی عێراق تێک دەچێت"
جا " النتیجـــــــــــــــــــــة":

1. هه مو عێراقمان کرد به وولاتی عەرەب!!
2. له بەر هیچ هۆیەکیش عێراق ،دابەش ناکرێت و نابێت دا بەش بکرێت !!

ئیتر ئێمەی کوردچاوەڕوانی چی دەکه ین؟

- چاوەڕوانی ئەوه دەکه ین مێژوو له به رگێکی تردا خۆی دووباره بکاتەوه.
- چاوەڕوانی ئەوه دەکه ین هێزه پەرت و بڵاو هو نا نیزامییەکانی عەرەب یەکبگرن،و توانای سەربازیان بگاتەوه ئاستی " حرس جمهوری" له گۆڕ نراو، تا خه ونەکانی جەعفەری و هاوبیرانی بێنه دی و ئێمەش" بچینه سەربان و کەوشکانمان بدڕێ و هیچیشمان پێ نه برێ".

سەرووەری شەهیدان پێشەوا قازی محەمەدله گفتوگۆیەکدا له مانگی حوزەیرانی 1946 له گەڵ پەیامنێری ئاژانسی" فرانس پریس"دا دەڵێت:"کورد ڕازی ئەبن ئەگەرحکومەتی ناوەندی بڕیار بدا قا نونی دیموکراتی له هه موو ئێراندا جێ بەجێبکرێت،و دان بنێن بەو قانونانه دا که ئێستا له کوردستاندا

**سەبارەت بە خوێندنی کوردی و ئۆتۆنۆمی و بە ڕێوەبەرایەتی ناوچەیی و لە شکری کاریان پێ دەکرێت"**
**ئینجا دەڵێت:" ئێمە لە و ساوە بە کردەوە بە سەربە خۆیی ژیاوین................."**
**ئێمەش ئەمڕۆ،هە ر ئەوانەی پێشەوای مەزن دوپات دەکەینەوە، تەنها جیاوازی ، ئەو لە کوردستانی بەشی ئێران و ساڵی 1946 ئەوەی گووتبوو ،ئەی سەرکردەکانی بەشی عێراق**
**لە 2005 هە ر هە مان ئەو گفتە ناڵێن؟باس لە دیموکراتی بۆ عێراق و دانپیانانی ئەو یاساو واقیعەی کوردستان و تایبەتمەندی یەکەی، ئەوەش بە بیانوو ناهێننەوە بە کردەوە14 ساڵ بە سەربەخۆیی ژیاوین؟**
**ئەو کات ئێران هەروەکو ئێستای عێراق لاواز و ڕیزەکانیشی لە یەک ترازابوون،کەچی دوای 59 ساڵ وەک دەیبینین ئەوەی ڕوخساری دیموکراسی و ئەو واقیعەی" پێسەوا" هەیبوو نەماو بووە خەون و خەیاڵ .**
**حەتمەن دوای چەند ساڵێک ئەو یەکێتی و تەبایی یە ڕووکەشەی ئێستا ی لە ناو ئێمەی کوردی عێراقدا هە یە نامێنێت ، و ئەوانیش بە هێز تر دەبن، هە رگیز دان بە بچوکترین مافی ڕەوای کورددا نانێن ،هە روەک لە هە ڵویستی ئێستا وکردەوەی دوو ساڵی ڕابردوویان دا دیارە لە مە ڕ چارە سە ر کردنی کێشەکان کە" کەرکوک بەڵگەی زیندووە" ...**
**ئیتر چاوەڕوانیمان بۆشەمە ندەفەری عێراقی یەکگرتوو و سەرخستنی دەستوور زیاد لە گۆڕنانی مافی چارەی خۆنووسین وبەدەست نەهێنانی ئەم هە لە مێژوویی یە ی ئێستا**
**زیاتر هیچی تر نی یە؟؟!!!!!!!!!!**